? Dengekan
Signature Not Verified
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.23 17:42:42 -06'00'

# ماستی مەییو

**حەمەسەعید حەسەن**

پەرجۆ: موعجیزەیە، هەموو پەیامبەرێک پەرجۆی خۆی هەیە، پەرجۆی محەمەد قورئان بوو، هی موسا عەسایەک بوو، کە تووڕی دەدا، دەبووە مار؛ یان دەیتوانی بەو عەسایە زەریای سوور لەت بکات و تا دەپەڕێتەوە داوێنی تەڕ نەبێت. پەرجۆی مام جەلال کە ئەویش هێندەی نیمچە پەیامبەرێک هەواداری هەیە، (گۆچان)ێکە، کە لە هەندێ ناوچە گۆپاڵ و لە هەندێ دەڤەر گاڵۆکی پێ دەڵێن.

مام جەلال بەو گۆچانە ئەفسووناوییە، شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی بەڕێوە دەبرد. هەر دەروێشێکی سەرپێچییەکی کردبا، یەک دوو گۆچانی مزری تێ دەسرەواند. ئیدی دەروێشی گۆچانخواردوو، قورئان بە هەقت وا تەمێ دەبوو، بە موو لەو هێڵەی لا نەدەدا، کە مام یان ڕاستتر گۆچانی مام بۆی کێشابوو.

سالانێک ینک لە کۆمەڵێ باڵ، یان هێڵ پێک هاتبوو، هێڵێکیان کە قارچکەمارانەیەک بوو، مام جەلال هەڵی تۆقاندبوو، ناوی هێڵی پان بوو. ئەو وەختە ئەو هێڵە لاوازترین باڵی نێو ینک بوو. وەک دەزانن دواتر هێدی هێدی هەموو هێڵەکانی دیکەی نێو ڕیزەکانی ینک لەو هێڵە پانوپۆڕەدا توانەوە.

دەمێکە پێشنیارم نەکردووە، وا بزانم هەم سەرەمە و هەم مافی ڕەوای خۆشمە بیکەم. پێشنیار دەکەم، لەمەو دوا ئەگەر کەسێک مێژووی ینکی تۆمار کرد، لەبەر گرنگیی ڕۆڵی گۆچان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، با لە بری هێڵی پان، هێڵی گۆچان بنووسێت.

زۆرن ئەوانەی دەپرسن: ئەوە هۆی چییە کە مام جەلال فاوڵێک دەکات، کە قسەیەکی بێتام لە زاری دەردەپەڕێت، کەس لە نێو ڕیزەکانی ینکدا فززە ناکات و ناوێرێت بڵێت لەل؟ بە هەموو ئەوانە دەبێژم: ئەوە لە ترسی زەبری گۆچانە مێژووییەکەیە، ئەو گۆچانەی هەوێنێکە، هەموو ینکی کردووە بە ماستی مەییو.

2002. 12. 19